**بۆ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

بەرێزان ئاواتم شادیتانە!

وەک خۆتان ئەزانن ئەو نیمچە دەسەلاتە کە ئەمرۆ لە بەشێکی بچکۆلەی کوردستاندا بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە لە ئارا دایە، بەرهەمی رەنجی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانە بە هەر بیروباوەڕێکەوە! پیلانی جهانی و ناوچەی وەک پەیمانی لۆزان، پەیمانی ئێران و روسیەی پاش جەنگی دووهەم، پەیمانی ئەلجەزائیر، کۆبوونەوەکانی ئەمڕۆی ئێران، تورکییە و سورییە، دانە چیرەی جهانی فارس، تورک و عەرەب بە ئێراقی بێدەسەلاتیشەوە لە تۆپبارانی ئەمرۆی گوندەکانی کوردستاندا خۆی دەنوێنی. لەم بارە ناهەموارەدا سەرنجتان رائەکێشم بۆ وتووێژی بەرپرسێکی سیاسی!

رۆژی 2007/9/28 بەرێز **(ناسر حیسامی** بەرپرسی **رۆژهەلات تیڤیٚ** لە ستۆکهۆلم و ئەندامی کۆمیتە ناوەندی **کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)** لە وەڵامی پرسیاری **ژۆرنالیستی** رادیۆ زایەڵە سەبارەت بە خەرج و مخارجی **رۆژهەلات تیڤیٚ** کە **کێ یارمەتیتان** ئەکات؟ **کوتی: حکومەتی هەرێم یارمەتیمان ئەکات.** مەبادا من باسەکەم بە نادروست بەیان کردبێت، جوانتر ئەوەیە خۆتان لە رێگەی ئەنترنێتەوە گوێ بەو وتووێژە بدەن.

بۆ ئاگاداریتان: پێشتر ژورنالیستێک لە بەشی دەنگوباسی( TT )ی سویدی لە رادیۆی فارسی **پژواک** کە ئەویش رادیۆی رەسمی دەوڵەتی سویدە، سەبارەت بە **رۆژهەلات تیڤی** کوتی:
**ئەو تەلەڤیزیۆنە بە پوڵی ئەمریکا بەڕێوە ئەچێت.**

بەرێز ناسر حیسامی وەک بەرپرسی (**رۆژهەلا تیڤیٚ** لە رادیۆ (**زایەڵە**) کوتی: **ئەو قسەیە درۆیە!**

قسەی ئەو ژۆرنالیستەی (TT ) بۆ بەرێوەبەرانی رۆژهەلات تیڤیٚ زیانبەخش بوو، هەر بەو هۆیە لە رادیۆی رەسمی دەوڵەتی سویدەوە رەد کرایەوە.

بەیانی ئەو قسە: **حکومەتی هەرێم یارمەتی ماڵی رۆژهەلات تیڤیٚ ئەکات** بۆ بارودۆخی سیاسی ئەمرۆی کوردستان زیانبەخشە، دەوڵەتی ئێران چاوپۆشی ناکات! ئایا روونکردنەوەیەک سەبارەت بەو باسەی بەرێز **ناسر حیسامی** لە لایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە سکاندیاڤیا، پێویستە نییە؟

جێگەی سەرسوڕمانە ئەو هەموو **تەلەڤیزیۆنە فارسییە** لە خودی **ئەمریکاوە**، **لە لایەن فارسەکانەوە** بەرێوە ئەچێت، خەرج و مخارجەکەیان چلۆن دابین دەکرێت بۆ ژورنالیستەکانی (**TT**) و رادیۆی فارسی **پژواک** و رادیۆی کوردی **زایەڵە** جێگەی پرسیار نییە، بەلام سەبارەت بە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان بەو جۆرە دەکەونە پرس و جۆ.

دیارە هیچ پرسیارێک تاوان نییە! وەڵامی دروست و بەجێ دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ خاوەن پرسیار.

گوێگرێکی رادیۆ... سەعی سەقزی ستۆکهۆلم 2007/10/9